دینێک بۆ فرۆشتن!

ڕێبوار ڕەشید

گۆڕانکـاریی کۆنەپەرسـتانەی ٣٠ سـاڵی ڕابـردوو لە باشـووری کوردسـتان و گەڕانەوەی بـۆ دواوە هـۆی سیاسـییان لە پشـتەوەیە. یەکێـک لە گرنگتـرین لەو هۆیـانە پرسـی دیـنە. لە هەنـاوی ئـایینی ئیسـلامەوە جۆرگەلێـک لە ئیسـلام و ئیسـلامی سیاسـیی لەم دەڤەرە دروسـت کـراون کە لە هەر شـتێک بچـن لە دینێک ناچن.

مێـژووی ئـایین زۆر تـازەترە لە مێـژووی مـرۆڤ. ئـایین بەرهەمـی دەیـان هەزار سـاڵ پـاش پێشـکەوتنی مـرۆڤە بـۆ بوونەوەرێـک کە بتوانێـت بـدوێت و بیـر بکـاتەوە و هەسـتی خـۆی دەرببڕێـت. لە سـەرەتادا تـرس لە بورکـان و ئـاگرکەوتنەوە و تـاریکیی و چڕیـی دارسـتانەکان و قـووڵیی و فراوانیـی دەریاکـان و پانتـایی ئاسـمان و ئەو شـتانەی دیـکە مرۆڤـی ترسـاندووە و خسـتوویەتیە گومـان و ڕازەوە. مـرۆڤ زۆر پـێش ئەوەی بتوانێـت بـدوێت و بپرسـێت و بیـر بکـاتەوە، هەسـتی بە تـرس کـردووە کاتێـک بینیـوویەتی لە چـاو دیـاردە و کارەسـاتەکانی سرووشـت و ئاژەڵـدنی کێـویی و گـۆڕانی وەرزەکانـدا خۆی بوونەوەرێکی بەستەزمان و بچووکە.

بەپێـی زانسـت ئـێمە دەزانـین مرۆڤـی ئەمـڕۆ گەشـەی هۆمـۆ سـەپیانزە و لە کیشـوەری ئەفریقـاوە سـەرچاوە دەگرێـت، پاشـان بە جیهـانی ئەمـڕۆدا بڵـاوبوونەتەوە. لەگەڵ بڵـاوبوونەوە و نیشتەجێبووندا کولتوور و نەریت و زمان، هتد، پەیدابوون و گۆڕانکارییان بە سەردا هاتووە.

بە چاوخشـاندنێکی زۆر سـەرپێیی کە هـیچ مانـدووبوونێکی ناوێـت بۆمـان دەردەکەوێـت کە دینەکـان یەکێـک لەو لایەنـانەی مـرۆڤن کە پـاش چەنـدین هەزار سـاڵ لە هەبـوونی مـرۆڤ پەیـدابوون و زیـاتر پێوەندییان بە جوگرافیا و سرووشتی شوێن و کاتەوە هەیە، وەک لە مرۆڤ.

کاتێک مرۆڤێک لە بەشە هیندوسەکەی هیندستان لە دایک بێت ئەوا هەر لە دایکەوە دینەکەی هیندوسە و خوا مەزنەکەی براهمایە و لەویشە و هەندێک خوای دیکەی وەکوو شیڤا و هاوسەرەکەی پەرەڤاتی و کوڕەکانی گانیشا و کارتیکەیا_یە، چەندینی تریش هەن. یاخود بودیست یان جانیست یان هەر شتێکی تر بێت. خۆ ئەگەر لە چین لە دایک بێت ئەگەر بودیست نەبێت کۆنفۆشیانیستە و ئەگەر نا ئەوا تائویستە. بێگومان وەکوو هەموو مرۆڤێکی تر دەتوانن باوەڕیان بە هیچ لەم دینانە نەبێت و ئەتێیست یان ئەگنۆتیست بن یان هەر هیچ بە لایانەوە گرنگ نەبێت. ئەگەر هەمان مرۆڤ لە دنیای مەسیحیدا لە دایک بێت جۆرەکانی مەسیحیی دەبێت و لە جیهانی جوولەکەدا بە یەهودی لە دایک دەبێت. ئەو مرۆڤەی لە سەردەم و لە جوگرافیای فینیقیدا ژیا بێت ئایینەکەی باڵ بووە کە خوای خۆر و زریان بووە و لە سەردەمی میترادا میترایی و لە سەردەمی زەردەشتییدا زەردەشتیی بووە و بەو شێوەیە.

مرۆڤ پێش داگیرکاریەکانی مەسیحیەت (کریستیانیزم) لە ناو جوگرافیای سکاندیناڤیا باوەڕی بە خواوەندی ئاسا بووە. خواوەندەکانی تر وەکوو تور و ئۆدێن و فرەی و فرەیا، هتد، هەبوون. باوەڕداران لە ژێر فشار و هەڕەشە و گوڕەشەی زۆردا ناچار کراون ببن بە مەسیحیی. زۆر لە ئایینەکانی ئەمەریکای لاتین و ئەفریقا و ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئەنجامی داگیرکردنەکانەوە بچووک بوونەتەوە یان بوون بە بۆنەیەکی کولتووریی یاخود هەر نەماون. ئایینێک هەمیشە بووە بە ئایینی ئەو ناوچە جوگرافیایە کە تێیدا بڵاو بووەتەوە.

لە زۆرێک لە حاڵەتەکاندا ئایینێک بووە بە ئایینی فەرمیی دەوڵەت. ئەمە لە مێژوودا نموونەی زۆرە. کریستیانیزم لە ماوەی ٣٠٠ ساڵدا دینێکی تەواو جیاواز بوو لەگەڵ ئەو کاتەدا کە بوو بە ئایینی ڕۆما و بوو بە ئایینی دەسەڵات. پاشان بۆ نموونە لەو وڵاتانەدا کە بە هۆی جیاواز پێیان دەگوترێت "شارستانیی" وەکوو ئەوروپا و ئەمەریکا و هەندێک وڵاتی تر ئایین لە دەوڵەت و سیاسەت جیا کراوەتەوە. بەو شێوەیە بەرپرسیاریەتیی مرۆڤ بەرامبەر هاومرۆڤ و خاک و یاسا

و ڕێساکان و کار و ئەرک و ماف و لەبەرچاوگرتنی یاسا نەنووسراوەکان لە سفارێکدایە کە پێوەندیی بە مرۆڤ و خواکەیەوە نییە. هیندوسێک و موسڵمانێک و کریستیانێک و جوویەک و ئەتائیستێک و ئەگنۆتیستێک و یەکێکی تر کە بتێک بپەرستێت، جا ژن بێت یان پیاو یان نێرەموکێک یاخود ڕەشپێست یان سپیپێست یان سەر بە هەر ئەتنیکێک بێت لە بەردەم یاسا و ڕێسا و دادگا و خوێندنگا و نەخۆشخانە و تاد جیاوازیەکیان نییە.

خەڵکی هەموو ناوچەیەکی ئەم گۆی زەمینە بانگەشەی باشترین و میهرەبانترین و گەورەترین و بەدەسەڵاتدارترین بۆ خوا و ئایینی خۆیان دەکەن. تەنانەت ئایینە بچووکەکانیش خۆیان بە باشترینەکان دادەنێن. هەموو ئەم خواوەندانەی جیهان کە بە هەزاران بە شێوەی جیاواز داوای گوێڕایەڵیی دەکەن و بە تۆڵەسەندنەوەی توند هەڕەشە لە سەرپێچییکاران دەکەن.

مرۆڤی ئەمڕۆ لە جیهاندا کە بەرەو هەشت ملیارد دەچێت نە کەمتر لە چوار هەزار خوای بە ناوی جیاوازەوە هەیە. هەر یەکێک لەمانە خوای خۆیان بە گەورەترین و بەهێزترین و دەسەڵاتدارترین و میهرەبانترین دادەنێت و هاوکات کاتێک پێویست بکات بە توندترین و تۆڵەستێندترین خوا. هیچ کەس و لایەنێک خوای خۆی بە کەمتر و بێهێزتر و ڕدوازتر لە هیچ خوایەکی دیکە دانانێت و تا ئەمڕۆش شەڕی بچووک و گەورە لە سەر ئەم بێنەوبەرەیە لێرەولەوێ ڕوو دەدەن. هەموو ئەمانە بە کۆمەڵێک هەڵبەستراوە و پێداگرتن باسی گەورەیی خوا و پەیامنێر و نووسراوەی خۆیان دەکەن. ئەگەر تا ڕادەیەک یاسای نێوخۆیی یان نێودەوڵەتیی نەبێت ئەوا زۆرینەی ئەم دینانە پاوانی یەکتر دەبەزێنن و هەڵ دەکەوتنە سەر یەکتر و کۆمەڵکوژیی گەورە ئەنجام دەدەن. میهرەبانیی دین و گەورەیی و بەخشندەیی خواکانیان هەرگیز ئەوەندە بەس ناکات کە یەکتر بە هەرچی خراپەکارییە تاوانبار نەکەن. ئەمە لە مێژوودا سەلمێندراوە.

ئیسلامیش وەکوو ئایینێک لە جیهانی خۆیدا خوا و کتێب و پێغەمەری خۆی بە گەورەترین و باشترین و چاکترین دادەنێت. ئەمە کە خەسڵەتی هەموو ئایینێکە تا ئێرە ئاساییە.

لە نـاو هەمـوو ئەم دینـانەی سـەر زەمینـدا کە هەن و کە ژمارەیـان بە هەزارانە، ئـایینی ئیسـلام لە ئـاڵۆزترین و ناڕۆشـنترین دینەکـانە و بە پێـی ئەو لێکـدانەوانەی ڕۆژانە لە دەمـی ئەوانەوە کە نـوێنەرایەتی "ئەڵڵا" دەکەن و لێیـان دەبیسـتین، لە ڕۆژگـاری ئەمـڕۆدا ئیسـلام هـیچ پێناسـە و سـنوور و میچێکـی نیـیە. ڕاسـتە ئامـاژە بەپێـنج کـۆڵەکەی ئیسـلام دەکرێـت ، ئەویـش حەدیسـێکە (گێـڕانەوەیەکە!)، بەڵام هەر سـەدان و بگـرە هەزاران تەفسـیریی جیـاواز بـۆ قورئـان و حەدیسـەکان و کردە ڕۆژانەییەکان دەکرێت، هاوکات هاواریش دەکرێت کە "ئێمە هەموو موسڵمانین."

لە ڕاسـتییدا لە زۆربەی دۆخەکانـدا تەنهـا "ئەڵڵا" خـاڵی هاوبەشـە، دەنـا تەنـانەت خـودی پێغەمـبەر و حەدیسەکان کە دەگوترێت هی ئەو یان کەسایەتیی دیکەی موسڵمانن نابن بە خاڵی هاوبەش.

ئیسـلام ئـایینێکە هێنـدەی ژمـارەی لایەنگرانی خـۆی جـۆری هەیە. هەر موسـڵمانە و دەتوانێـت بە ئارەزووی دڵی خۆی پێناسەی موسڵمانبوونەکەی و ئیسلام بکات.

هـیچ یەکێـک لەم دینـانەی سـەر زەوی ئەگەرچـی هەنـدێکیان ڕاسـتەوخۆ خۆیـان بە ئاسـمانیی دادەنـێن و یەکتاپەرسـتن و هـی دیـکەش وەکـوو هینـدویزم یەکتاپەرسـت بەڵام ئاسـمانیی نیـیە، وەکـوو ئیسـلام خـۆی بە کۆتـا دیـن و بە هەرە ڕاسـتترین دانانێـت و نەهـی و نەفـی لەوانـی تـر ناکـات. لە نـاو ئەم چەنـد هەزار دیـنەی سـەر زەمینـدا تەنهـا ئیسـلامە کە بە داری زۆرێ خـۆی بە سـەر تاکەکەسـدا دەسـەپێنێت و خۆی بە دوا دین دا دەنێت لەو مانایەدا کە ئیتر هەرچی هەیە پووچەڵ دەبنەوە.

ئـایینی یەهـودی کە بنـاخەی کریستیانیزمیشـە و لێکچـوونێکی زۆری لەگەڵ ئیسـلام هەیە، وەکـوو ئیسـلام یەکتاپەرسـتە، بەڵـام دروسـت بە پـێچەوانەی ئیسـلامەوە ئـایینێکی فراوانخـواز و پەرەسـتێنخواز و پـاوانخواز نیـیە. ئەم جیـاوازییە زۆر گەورە و بنەڕەتیـیە. مرۆڤێـک ئەگەر بیەوێـت و سـەدان جـار داوا بکـات بە یەهـودی قبـووڵ ناکرێـت. هینـدویزمیش بە هەمـان شـێوەیە. کریسـتیانیزمی ئەمـڕۆش هەر وایە و لە زۆربەی ئایینیەکـانی دیـکەدا دەبێـت خـۆت بە دڵخـوازی خـۆت داوا بکەیـت و کەسیش چاوەدێریت بۆ پێڕەوکردن و پیادەکردن ناکات.

ئیسلام سەر دیوار و بندیوار و چواردەور لە مرۆڤ دەگرێت و جارێک بە شایەتومانی سەر غەرغەرەی مەرگیش ڕازیە و جارێک بە سەربەرزییەوە شایەتومانی ژێر چەقۆ و کێردیش وەردەگرێت. جارێک بە قسەی مەلاکان هەر کەسێک نوێژ نەکات هەرگیز بەهەشت نابینێت و جارێک تەنیا خوا خۆی لە ڕۆژی قیامەتدا بڕیار دەدات و تەنانەت باسی دوا مرۆڤیش دەکرێت کە لە دۆزەخەوە بۆ بەهەشت دەنێردرێت. تاوانبارانی دز و تاڵانچی و بکوژ و ببڕ حەواڵەی خوا دەکرێن، بەڵام خوا دەتوانێت هەر هەموویان یان ئەوانەی دەیەوێت ببەخشێت بێ گوێدان بەو کەسانەی لە سەر زەوی زیانیان پێ گەیشتووە یان "ناچن بۆ ناو بەهەشت تا وشتر بە کونەدەرزیدا تێپەڕ نەبێت، "ولا یدخلون الجنه حتی یلج الجمل فی سم الخیاط". هاوکاتیش نوێژێکی لەیلەتوقەدر یان حەجێک و عەمرەیەک دەتوانێت هەموو گوناهەکان بسڕێتەوە و بەو شێوەیە.

چوون بۆ بەهەشت چەندیش ئاسان یان زەحمەت بێت ئەوا بە پێچەوانەی ئایینەکانی ترەوە ئیسلام بە قامچی دوات دەکەوێت تا بتکات بە موسڵمان و لە بەر خاتری خۆشت دەیکات. لەبەرئەوە نا کە خوا پێویستی بە بوونی تۆ وەک موسڵمانێک هەیە، بەڵکوو لەبەرئەوەی خوا لێت ڕازی بێت و بچیت بۆ بەهەشت و خۆشت لێ بگوزەرێت.

لە ئەگەری بە موسڵمان نەبووندا بە کافر و مولحید جوێنبارانت دەکەن و بێ لەوەی لە سەر زەوی بە شێوەی جیاواز هەڕەشەت لێ دەکەن ئەوا بە سووتاندنی هەتاهەتایی و شەق و تێهەڵدان و سووکایەتیپێکردنی ئەو دنیا (قیامەت/ زیندووبوونەوە) بۆت تەواو دەکەن. هەندێکیان هێندە دەڕۆن دەڵێن کە خودی ئەڵڵا شەقشەقێنت پێ دەکات. دوا بڕیار و لێبووردەیی و بەخشینەکانی خوا بە ئاسانیی لە بیر دەکرێن.

نوێنەرانی ئەم ئایینە دەیان حەدیس بۆ نموونە بۆ ئەوە هەیە کە هەر کەس لە سەر دین و باوەڕی خۆی بێت با بێت و بە دەیان حەدیسیش لە سەر ئەوە هەیە کە نوێژنەکەر کافرە و کە تەنانەت

ئەوانــی هــاوڕێیەتیی نــوێژنەکەر دەکەن کــافرن و کە تەنــانەت هاوسەرەکانیشــیان پێیــان حەرامــن و کە تەنیا چارەسەریان کە بە کافری نەمرن ئەویە کە لێیان جیاببنەوە و بەو شێوەیە.

ئەم نمــوونە خۆدژگۆیــانە/ کۆنترادیکتــانە (تنــاقض) هەموویــان دەتــوانن ڕاســت بــن و هەمووشــیان دەتــوانن هەڵە بــن. بە پێــی دەســەڵات و کــات و شــوێن و بەرژەوەنــدیی لایەنەکــان و کەســانی دووچــار و مەبەســتی ســەرەکیی ســەرئەنجامەکان دەگــۆڕدرێن. لەم نــوێنەرایەتییەدا ئامــانج ڕێبازەکــان پیــرۆز دەکــات و ئامــانجیش هەمیشــە بــردنەوەیە لەو کەســەی دژبەرە. کێشــە لە ســەر هــێلکەی کەڵەشــێرێک کە چــۆن دابەش بکرێــت لە حاڵەتێکــدا ئەگەر ســێ کەس خۆیــان بــکەن بە خــاوەنی، ســەدان مەلا بە حەدیســی جیــاواز و ئــایەتی جیــاواز و لێکــدانەوەی جیــاوازەوە ئەو هــێلکەیە بە یەکێــک لەو ســێ کەســە ڕەوا دەبینن و ئەو ڕاستییەی کە کەڵەشێر هێلکە ناکات هەرگیز نابێت بە باس.

لە دیــدێکی تــرەوە کاتێــک لە جوگرافیــای دنیــای ئیســلام دەڕووانــین دەبینــین دەســەڵاتدارانی لەم ســەر بــۆ ئەو ســەری ئەم دنیــای ئیســلامە لە ســەر گەل و نیشــتیمانی خۆیــان تۆتالیتــار و دیکتــاتۆر و تاڵانچین. لە کۆمــاری ئیســلامیی مۆریتانیــا-وە، کە یەکێــک لە دەوڵەمەنــدترین وڵاتەکــانی جیهــانە و لە ولاتە هەژارە خراپەکانیشــە، تەنــانەت کۆیلەشــی تیــادا دەکڕدرێــت و دەفرۆشــرێت بە نــاو هەمــوو بــاکووری ئەفریقــا (تونســی لــێ دەربچێــت) بەرەو قووڵاییەکــانی دنیــای ئیســلامدا، تــا دەگــاتە بەنگلادێش-یــش خەســڵەتە تایبەتییەکانیــان کە بــووە بە ناســنامەیان، بــریتیین لە فەســادی ئەخلاقیی و کوشــتن و بــڕین و ســتەمی میللــی و چینــایەتیی و جێنــدەریی و تــاد، ڕێزنەگــرتن لە پێکهــاتە ئایینیەکــانی دیــکە و لە مرۆڤگەلــی لێقەومــاو و پەناهێنــدە و بیــانیی، عەشــیرەتگەریی و تــایەفەگەریی و چەوســاندنەوەی ژنــان وەکــوو ئــاڵوگۆڕ بە ژنــان بــۆ چارەســەرکردنی کێشــەی کۆمەلایەتیی و تاوانکــاریی، منــداڵ بە شــوودان و بە زۆر بە شـــوودان و خەتەنەکردنـــی بنەڕەتیـــی و تـــاد. هەمـــوو ئەمـــانە لە دایـــک و بـــاوکەوە و بە ناســنامەی بــاری کەســیەتیی موســڵمانن. موســڵمانبوونەکە بــۆ دەوڵەت هێنــدە گــرینگە کە تەنــانەت لە ســەر ناسنامەکانیشــیان دەنووســرێت. ناموســڵمانبوونەکەیش بە هەمــان شــێوە گــرینگە چــونکە مرۆڤــی

هاووڵاتیی بۆی نییە بێ وەڵام بێت و حەتمەن دەبێت دینێک هەڵبژێرێت کە ئەگەرچی ڕەنگە ببێت بە مایەی هەڵاواردن و شاربەدەرکردن یان تەنانەت کوشتنیش.

بۆ نموونە، لە سەرهەڵدانی داعشدا ئەوە بەس بوو کە مرۆڤێکی موسڵمانی سەر بە دینی شیعە بێت بۆ ئەوەی هەر لە جێی خۆیدا سەرببڕدرێت. کەسانێک هەن تا ئێستایش شیعە و سوننە وەکوو دوو مەزهەبی هەمان دین دەبینن، بەڵام هەموو ئەو دژایەتیانەی لە نێوان سوننە و شیعە دا هەن بەڵگەن بۆ ئەوەی دوو مەزهەبی هەمان دین نیین، بەڵکوو دوو دینی سەربەخۆن. کێشەکە لەوەدایە کە هیچیان بەرۆکی ئەوی تریان بەرنادات و واز ناهێنێت تا خوا ئەو بڕیارە بدات. نەخێر، شەڕەکە لە پێشدا زۆر پێش ئەوەی بگاتە بەر قاپی خوا، دەبێت بېردرێتەوە.

کاتێک دەبێت بە باسی ئیسلام ئەوا بێگومان دەگوترێت کە خودی ئایینەکە پاکە و بێگەردە و ئەوە موسڵمانە کە ناتوانێت موسڵمانێکی ڕاست بێت و کەسیش نازانێت موسڵمانبوونی ڕاست کامەیە و چۆنە. کاتێک دێتە سەر موسڵمان ئەوا هەر موسڵمانێک ئەوی تر بەوە تۆمەتبار دەکات کە ئەو موسڵمانی ڕاستەقینە نییە. ئەمە تاوانبارکردنێکی زنجیرەیی سیستەماتیکی دنیای ئیسلامە. نەک هەر تاکەکەسی گشتیی موسڵمان بەڵکوو بە سەدان و هەزاران مەزهەب یەکتر بە موسڵمانی ناڕاستەقینە تاوانبار دەکەن. هەروەها چەندین ڕێبازی فەرمییش هەیە کە بە هەمان شێوە یەکتر دەناسێنن .

لە هەموو دنیای شارستانیدا کە دەگاتە نزیکەی ملیار و نیوێک مرۆڤ هێندەی شارۆچکەیەکی جیهانی موسڵمان، بۆ نموونە شارۆچکەیەکی کوردستان، نە بە درۆ سوێند بە خوای خۆیان دەخۆن، نە خۆیان ناچار بە درۆکردنی ڕۆژانە دەکەن، نە ڕێگای جوێندان و دەمپیسیی دەگرنە بەر، نە بوختان و قسە بۆ یەکتر و بۆ بێتاوانان هەڵ دەبەستن، نە ناپاکیی بەرامبەر هاووڵاتیی و نیشتیمانی خۆیان دەکەن، نە دزیی لە موڵکی گشتیی دەکەن و نە بێڕێزیی بەرامبەر بە یەک و بە

ژینگە و بە سرووشت دەکەن و نە بە بەتایبەتییش پەلاماری خوشک و دایک و ژنی یەکتر دەدەن.

ئەمە بە گشتیی خەسڵەتی دنیای ئیسلامە.

ئیسلام لە درێژخایانی خۆیدا بووە بە دامەزراوەیەکی بازرگانیی گەورە و ئاڵۆز، واتە ئینتەرپرایزێک. لەو دامەزراوەیەدا هەیکەلێکی ڕێکخستنی بەرچاو هەیە کە لە "خادم الحرمین الشریفین" ەوە دەست پێ دەکات، واتە کلیلدار یان خزمەتکاری ماڵی خوا لە مەککە و ماڵی پێغەمبەر لە مەدینە کە بە نەریت مەلیکی ئالسعودن، هەتا دەگاتە مجێورێکی مزگەوتێکی بچکۆلەی هەر شوێنێکی ئەم دنیای ئیسلامە. لەم دامەزراوەیەدا کە پاشا و بنەماڵەی ئالسعود نوێنەرایەتیی دەکەن بە هەزاران شێخ و سەید و موفتی و بە سەدان هەزار مەلا و فەقێ و مجێوەر و تاد هەن. هەموو ئەمانە بە شێوەی جیاواز لە پرۆسە و دەسەڵاتی سیاسییدان. لە هەندێکیاندا دەستبەسەرداگیراو و زیندانیین و لە هەندێکیشیاندا هەمەکارەن. لە هەردوو حاڵەتەکەدا دەوڵەت بە هەزار و یەک بیانوو و پاساو هەم خۆی دەپارێزێت و هەم موسڵمانبوونی ڕاستەقینەی خۆی دەخاتە بەردەست. هەروەکوو چۆن دژبەرە موسڵمانەکان بە هەزار و یەک بیانوو و پاساو ناموسڵمانبوونی دەسەڵات و موسڵمانبوونی ڕاستەقینەی خۆیان دەفرۆشنەوە. حەشاماتێکی سەدان ملیۆنی ڕەشوڕووت و بەدبەختی بەناسنامە موسڵمان، کاریگەریی بنەڕەتییان لە سەر نفوزی سیاسیی ئیسلام هەیە چونکە سوود لە ناو و ژمارەیان وەردەگیرێت. لە هەر یەکێک لەمانەدا، جا گوندێکی بچووک لە وڵاتێک بگرێتەوە یان دەوڵەتێکی تایبەتیی بگرێتەوە یان یەکێک لە سوننە یان شیعە یان یەکێک لە ڕێبازەکان بگرێتەوە، دەتوانێت بە تەواویی ئیسلامێکی جیاواز بێت. بەو شێوەیە ئایینێک دروست کراوە کە سنوور و میچی بە ئارەزووی ئیماندارانی خاوەن دەسەلات دەگۆڕدرێت. ئەو دەسەڵاتە دەتوانێت لە چوارچێوەی گوندێکدا بێت.

ئیسـلام لە باشـووری کوردسـتان کە بە دڵنیـاییەوە لەگەڵ زۆر شـوێنی جیهـانیی ئیسـلام جیـاوازە. بە گشـتیی سـێ جـۆرە. جـۆری یەکەم ئەو موسـڵمانی نەریتیـیە/سـونەتییەیە کە تاکەکەسـێک لە نەریتـی بـاوی باوکـایەتییەوە ناسـنامەیەکی ئیسـلامیی هەیە و بـاوەڕی بە خـوایەکە کە لە کـۆمەڵگەی کوردسـتاندا عـادەتەن هەر بە "خـوا" ناسـراوە نەک بەتـایبەتیی بە "الله"، کە تـاکەکەس بە پێـی تێگەیشـتن و توانـا و کـاریگەریی دەوروبەری بە شـێوەیەک کە پێـی ڕاسـت و دروسـتە موسـڵمانبوونی خـۆی پیـادە دەکـات. ئەم جـۆرە موسـڵمانبوونە لە کـۆمەڵگەی باشـووردا هەتـا سـەرەتای دەیەکـانی نەوەتـی سـەدەی پێشـوو بەربڵاوترین شـێوەی موسـڵمانبوون بـوو. پیـاوانی ئـایینی کە هەرە زۆرینەیـان نیشـتیمانپەروەرن بـوون و زۆریـان تێکۆشـەریش بـوون لە مێـژووی کـورد دا لەم شـێوەیە بـوون. گرنگتـرین و گەورەتـرین خەسـڵەتی ئەم شـێوەیە لە ئیسـلام بە شـێوەکانی تەریقەتـی شـێخایەتیی و موسـڵمانی ئاسـایی ئەوەیە کە ئیسـلام تـا ڕادەیەکـی باڵـا ئاشـتیخوازە و هەر کەس لەگەڵ خـوای خۆیـدا تەرەفە، واتە پێوەنـدیی خـود و خـوا. لەم شـێوەیەدا تاکەکەسـی موسـڵمان دەسـتوەرناداتە کاروبـاری خەڵکـی تـر و تەنـانەت لە نـاو خێزانەکانیشـدا بـاوک وەکـوو سـەرۆکی خێـزان ئۆتۆنـۆمییەکی شـایانباس بە ئەنـدامانی خێـزان دەدات. لەم مـۆدێلەدا جلـوبەرگ و شـێوەی خۆڕازانـدنەوە و ڕووخسار و خوێندن و هاتوچۆی گشتیی، هتد، تا ڕادەیەک لە بازنەی ئازادیی تاکەکەسدا بووە.

هەموومـان لە ڕێگـای ئەو تۆمـارانەوە کە سـەبارەت بە جلـوبەرگ و خوێنـدنگاکان و نەخۆشـخانەکان و گـۆرانی و هونەرەکـانی دیـکە چ لە عێـراق و چ لە کوردسـتان، تەنـانەت ئێـران و تورکیـا و ئەفغانسـتان، دەتـوانین بگەڕێیـنەوە بـۆ سـاڵانی پەنجـا و شەسـت و حەفتـا و هەشـتاکان و ببینـین کە ئەم جـۆرە لە موسـڵمانی ڕۆحـانیی پـاک زۆریـنە بـووە و هاوکـات هـیچ جـۆرە خەسـڵەتێکی ئیسـلامی سیاسـیی بەو سەردەمانەوە دیار نەبووە.

ئایا هیچ کەسێک دەتوانێت ئەوەندە بێ ئابڕوو بێت کە مۆری کافربوون و بێڕەوشتیی و بێئەدەبیی لە هەموو موسڵمانانی سەدەی ڕابردوو و یان ئەوانە بدات؟ لەم جۆرە موسڵمانەدا کە لایەنە ڕۆحانییەکەی دیارە تاکەکەسە، بەگشتیی یەک ڕووە و یەک کەسایەتیی هەیە.

جۆری دووەم موسڵمانی بازرگان ـە. موسڵمانی بازرگان ئەو موسڵمانەیە کە لە ڕووالەتدا لە موسڵمانێکی نەریتیی دەچێت، بەڵام لە ڕاستییدا کاسبی بە دینەکەوە دەکات. ئەم کاسبییە هەر لە مزگەوت دروستکردنەوە تا ئاشکراکردنی زەکات و سەرفترە و گۆشتی خێر و کڕینی بەرماڵێک و دوو مەسینە بۆ مزگەوت بە شێوەیەک دەکات کە ببینرێت و لەو ڕێگایەوە مۆری پیاوچاکبوون دەکڕێت و دەیخاتە خزمەتی ئەو کاسبییەوە کە هەیەتی. لایەنە ڕۆحانییەکە لەم جۆرەیاندا تەواو کاڵە و ڕووالەتگەرییەکە بە ئاسانیی دەناسرێتەوە. ئەم جۆرە موسڵمانانە نەک هەر دووڕوون، بەڵکوو چەندڕوون و لە هەر شوێنە و کەسایەتییەکی جیاوازیان هەیە. لەگەڵ هەر یەک لە ژن و منداڵان و دەروردراوسێ و هاوگەڕەک کەسایەتییەکی جیاوازیان هەیە، لە بازاڕ و مامەڵەکردن، هتد. جیهانی ئیسلام پڕە لەم جۆرە و بێگومان لە کوردستان لە هەژمار نایەن. ئەم جۆرە لە موسڵمان لە ئێستادا جێیی بە جۆری موسڵمانی ڕۆحانیی لێژ کردووە .

جۆری سێیەم ئیسلامی سیاسیی ـە. ئیسلامیی سیاسیی لە باشوور کە هەر سی (30) ساڵێک تەمەنییەتی، بە گشتییش چل (40) ساڵێک تەمەنییەتی و دروستکراوی سعودیە و پاکستان و پاشان بەتایبەتیی تورکیا و ئێران ـە کە دیارە ئەوە چەند ساڵێکە بەتایبەتی لەلایەن قەتەر و ئیستیخباراتی (میتی) تورکییەوە بەرەوی پێ دەدرێت و دەخرێتە بازاڕاوە. ئەم جۆرە لە ئیسلام بە توندی کەوتووەتە ناو بازاڕی سەودا و مامەڵەی بازرگانیی ئایینەوە و تورکیا و ئێران وەکوو بەشێک لە شەڕی تایبەت دژ بە خەباتی ئازادیخوازیی خەڵکی کوردستان بەکاری دەهێنن. لەم شێوەیەدا هەموو شتێک بە دامەزراوە کراوە و کەسی موسڵمان ڕێکخراوە و بە دیسپلینێکی پۆلیسیی و لێپرسینەوە و چاودێریکردن و چاولەسەربوون بەستراوەتەوە. کەسانی ناو ئەم جۆرە

لە ناو تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا (سۆشیالمیدیادا) چالاکن و خراپترین لە دەمپیس و جوێنفرۆشەکانن و بە سەدان پەیجی درۆزنە و ساختە بەڕێوە دەبەن و بە دەستە هێرش دەکەنە سەر ئامانجەکانیان و بوختان و درۆ هەڵ دەبەستن. ئیسلامی سیاسیی لە کوردستاندا بەتایبەتیی دژ بە خەباتی ئازادیخوازی خەڵکی کوردستان کار دەکات، بەڵام بە شێوەیەک مامەڵە دەکات کە کوردی عەیار بیستوچوار بێت.

ئەم "ئیسلامە فوڵ مواسەفاتە کوردییە" هەر شەرواڵێک و چۆغە و جامانەیەک زیاتر لە سەریان ناکەوێت و بێگومان زووزووش باس لە کولتووری کوردیی بە شێوەی خۆیان دەکەن کە گوایا هی کوردی ڕەسەنە. ئەم جۆرە لە موسڵمان بە ئاشکرا پێوەندیی بە ئێران و تورکیاوە هەیە و لە خزمەتی بەرژەوەندییە ئاساییشیی و نەتەوەییەکانی ئەواندا کار دەکات. ئەرکی ئیسلامی سیاسیی لە کوردستان سەرقاڵکردنی تاکەکسی کوردە بە ناوی ئەو جۆرە لە ئیسلام کە تورکیا و ئێران لە کوردیان دەوێت. ئەوان دەیانەوێت کورد لە هەموو بەهایەکی نەتەوەیی دابماڵن، بەڵام بە شەرواڵ و چۆغەیەکەوە بیهێڵنەوە تا بە ڕووخسار لە "کورد" بچن و بتوانن ناویان بە "کوردی موسڵمان" بێنن.

ئەم جلە کوردییە درۆزنەیە کە تا سەر ئێسک ساختەچیەتیی بازرگانییکردنە بە دینەوە بێگومان تەنیا بۆ پیاوانە دەنا ئەگەرچی جلوبەرگی نەریتی کوردیی ژنان ئاودامان و درێژ و داپۆشەرە، بەڵام ژنان دەبێت ڕوو بکەنە جبە و عەبا و سەرپۆشی تەواو و مەقنەعە و محەجەبە و قیناع. کاتێکیش جلی کوردی بپۆشن، هەر عەبا و جبە و محەجەبە و تاد بە سەردا دەدەن.

هۆی سەرەکیی بڵاوبوونەوەی ئەم ئیسلامی سیاسییە دەگەڕێتەوە بۆ برسیکردنی خەڵکی باشوور کە خەڵکانێکی سەر بە تورکیا و ئێران ئارد و نان و شتومەکی خۆراکییان لە پاش ڕاپەڕینەوە بە سەر خەڵکدا دەبەخشییەوە و وردەوردە ئەم کارە مۆری ڕەوشتیی ئیسلامیی لێ درا و لە بیر کرا کێ و چ مەبەستێک لە پشتیەوەیەتی.

ڕێکخستنەکان لەگەڵ کاتدا پێشخران و دامەزراوە و کاسبی جیاواز دروست کران و هەلی کار و پارەی بندیبواری خواپەرستیی بۆ خەڵک بڕدراوەتەوە کە بێگومان بەشێکە لە شەڕی تایبەت و خەڵکی ڕەشوڕووت و بەدبەختی ئەم دەڤەرە لێی تێ ناگەن. ئەم جۆرە لە "ڕەوشتی ئیسلامیی" شۆڕ بووەوە بۆ ناو گەنجانی بێ کار و خوێندکارانی هەژار لە سەرانسەری باشووردا. ئیسلامیستە ڕووخسار شاردراوەکان، کە لە پشت "دەمامکی ڕەووشتی ئیسلامیی" خۆیان حەشار دەدا و ئێستایش هەر وان، تێچووی خوێندن و برەپارەی بەشە-ناوخۆییی وەرناگرن لە قوتابییەکان، پێدانی شوێنی مانەوە و خواردنی بەلاش بوو بە هۆکاری یەکەمی ئەم لەخۆگرتنەی گەنجانی کورد. ڕوون و ئاشکرایە، گەنج و گەورەساڵ و دایکوباوک و چواردەوریان لە پێناو ئەو ژەمە نان و خۆراک و وردە ئیمتیازانەدا بوون بە چاولەبەری ئەم ڕێکخراوانە و هەر چیەکیان پێ بگوترێت پێویستە ڕاستەوخۆ جێبەجێی بکەن و نەوێرن بڵێن نا، چونکە لە تۆڕی ڕێکخراوەکەدا دەردەکرێن کە هەم مانای ئەوەیە لە تۆڕە هاوبەشیەکەدا نامێنن و هەم لەو ئیمتیازانەش بێ بەش دەبن. دیارە ئەوەش لەولاوە بووەستێت کە مۆری هەڵگەڕاوە و ناموسڵمانبوونیشیان لێ دەدرێت. پاساوەکەش کە هەمووی بۆ "خواگیان"ـە و لە پێناوی ئیسلام دایە هەموو هەستێکی ویژدانئارەحەتیی لای نێچیر ڕادەماڵێ. کاتێک، بۆ نموونە، لەیلەتولقەدر خێری هەزار مانگی هەبێت، ئەوا خوا ئەوەندە گەورەیە کە ڕۆژی خۆی لە نیشتیمانفرۆشان و خیانەتکارانیش خۆش دەبێت، جا با گوناهەکانیان دەریایەک خوێن و ئازاریش لە سەر هاومرۆڤەکان کەوتبێت.

هەمان ئەو کارە بوو کە بەعسییەکان کاتی خۆی زیاتر لە نیو ملیۆن کوردیان لە ژێر ناوی "المرتزقە" دا ڕێکخستبوو. "المرتزقە" بە مانای جاش نایەت وەکوو هەندێک کەس لێی تێ دەگەن، بەڵکوو بە مانای ڕزقدراو، بژێویدراو، ئەو کەسەی بژیوی دابینکراوە دێت. سەددام حوسەین بەوانەی دەگوت "بژیویدراوی خۆم"، دروست بە پێچەوانەی ئەو گوتەی ئیسلامەوە کە خوا ڕزقی خەڵک دەدات. دووبارەکردنەوەی ئەم تاکتیکە لە لایەن تورکیا و ئێران ـەوە، ئەم جارەیان بە ناوی

خـــوا و ئیســـلامەوە زۆر ئاســـان بـــوو. ئیتـــر کەس پێویســـتی نەدەکـــرد خـــۆی بە قەرزداری سـەرۆککۆمارێک یـان حیزبێـک بزانێـت، بەڵکـو ئەم ئـارد و نـان و خـۆراک و پـارە و کـارە لە خـواوە دێـت. کێشـــەکە لەوەدایە کە وردەوردە نـــاوی خـــوا دەســـڕدرێتەوەو و جـــۆری ئیســـلامییە تـــورکیی و ئێرانییەکە جێگای دەگرێتەوە.

ئێسـتا کە کـراوە بە سیسـتەمێکی چەسـپاو کەس نایەوێـت بیـری لـێ بکـاتەوە کە ئایـا لەو پرۆسـەیەدا خـوا چـی لـێ هـات. گرینـگ ئەوەیە ورگەکـان تێـر بـبن و خەرجیـی ڕۆژانە و مانگـانە لە هەر فۆرمێکـدا بێـت، فەراهەم بکرێـت. لە کۆتاییـدا خـۆ هەمـوو شـت هەر چارەنووسـی خـوایە و هەر شـتێک خـۆی ڕەزامەندیی لە سەر نەبێت، نابێت.

ئەم ڕێکخســـتنە کە پســـپۆڕانی شـــەڕی تـــایبەتیی لە پشـــتەوەیە، ڕۆژانە هەمـــوو بەرنامەیـــان بـــۆ دادەنـــدرێت و دەبێـــت لە دانیشـــتن و کۆبوونەوەکـــانی ئەم ڕێکخـــراوانەدا بەشـــداربن و کتێبـــی تـــایبەت بە ڕێبـــازەکەی خۆیـــان لەژێـــر نـــاوی پەروەردە و ڕۆشـــنبیرکردن و لە خوانزیکبـــوونەوە بە بەلـدش بە قوتابییەکـان دەدرێـت، کە بەشـێکی زۆریـان منـداڵانی کچـی خـوار هەژدە سـاڵەن و لە خـولی قورئـان خوێنـدنـدا چالـدکی وەرزشـی و مەلەوانـی و گەشـت و گوزارییـان پـێ دەکرێـت. هەمـوو ئەمـانە فرۆشیاری (بایعی) ئیسلامی سیاسیین.

ئەگەر ئێـران، بە پێـی کولتـووری فـارس، فێـرە کە پەلە ناکـات و بە لاوانـدنەوە نێچیـری خـۆی سـەر دەبڕێـت و لە سـەر کوشتەشـی شـین دەکـات، ئەوا تورکەکـان کە دوژمنـی سەرسـەختی گەلـدنی ڕەسـەنی ئەم نـاوچەیەن و بەتـایبەتییش زۆر لە کـورد تـووڕەن کە وێـنەی ئەرمەن و ئاسـوور و یۆنـانی ملیـان نەداوە، بە ئاشـکرا ڕێبـازی ئیسـلامیی تورکییـان فەرز دەکـرد. بـۆ نمـوونە لە ژێـر نـاوی نورسـی و پەیامەکـانی (نـور) هەمـوو کـۆمەڵە کتێبەکەیـان بە بەلدش بڵـدو دەکـردەوە و بە شـێوەیەکیش دەیـان کـرد کە دۆسـت و خۆشەویسـتی کـوردن و کاریـان ئەوەیە خـزمەت بە کـورد بـکەن. ئەم ڕێکخـراوەیە ئەوەنـدە تـورکی لدی گەنجـی کـورد خۆشەویسـت کـردووە، کە تـورک کـراوە بە وێنـای خـوا لە سـەر

زەوی. لە کودەتای ٢٠١٦/٦/١٥ دا کاتێک کە ئەردۆغان گولەنی پێ تاوانبار کرد، ئەوا ئیسلامیستە-تورکچیەکانی کورد دڵیان نەدەهات نە دژی ئەردۆغان و نە دژی گولەن بن و کەوتبوونە داوی خۆشەویستیی یەکسەرەوە لەگەڵ تورک و لە هەڵوەشاندنەوەی ئەو نازونیعمەتە دەترسان کە بە پارەی ئەو دووانە لە سەری دەلەوەڕان. شایانی باسە، کاتێک کە ئەردۆغان کەوتە شەڕی سیاسیی و دیپلۆماسیی و ئابووریی لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا کە مەکتەبە ئیسلامیەکانی گولەن یان هەبوو و فەرمانی دەدا دایان بخەن، سەبارەت بە هەرێمی کوردستان نەک هەر هیچی نەگوت بەڵکوو ڕێگای لە پێشخستن و بەردەوامیی پێوەندییەکانیش نەگرت.

دۆخە سیاسییە ئابوورییە کۆمەڵایەتییەکە هێندە لە بارە کە لەم ساڵانەی دواییدا ئیسلامی سیاسیی وردەوردە قاچی لێ درێژ کردووە و بە ئارەزووی خۆی خەریکی مۆرلێدانە لەوەی کێ موسڵمانی ڕاستەقینەیە و کێ کافرە و مولحیدە و خوانەناسە، هتد. بەو شێوەیە پسوولەی موسڵمانبوون دەفرۆشنەوە و بە گوتاری هێرشبەرانەی دەمپیسانەی تاوانبارکارانە پەلامار دەدەن. ئەمە بە ناوی "ئەخلاق"ەوە دەکەن و مەبەستیشیان لە ئەخلاق تەنها ناوگەڵی ژنە. لەو هێرشەدا بەتایبەتیی موسڵمانی ئاسایی بە ئامانج دەگرن و دەیانەوێت لە ڕێگای تیرۆری ئایدیۆلۆجیی و تیرۆری کەسییەوە ملکەچییان بکەن.

هێرشی بەربڵاو و تایبەتییان بە پلەی یەکەم لە سەر ژنانە، هەرچی بە دەمیاندا دێت دژ بە ژنانێک کە نایانەوێت لە ژێر عەبا و حیجابدا بن دەیڵێن، بە بیانووی ئەوەی کە گوایا بۆ خوای دەکەن ئەوا هەمووو شتێک بە ڕەوا دەبینن. زۆرینەی ئەو مەلایانەی سووکایەتی بە ژنان دەکەن دەکەونە دۆخێکی شێتییەوە. بۆ نموون هەر هەموویان بەوە دەست پێ دەکەن کە ژنێک تەلەفۆنی بۆ کردوون، یان دەڵێن نایانەوێت ناوی بهێنن. تەنانەت هێرشی سێکسییش دەکەن بۆ سەر ئەو ژنانەی کە حەوشە دەشۆن لەگەڵ ئەوەدا کە یەکێک لە کارە ڕۆژانەییەکانی زۆرێک لە ژنانی کورد خاوێنکردنەوە و شتنی حەوشەیە. بیانووی ئەمانە هەڵکردنی کراسەکەیانە کە عادەتەن ئاودامانە.

باسکردنی ژن وەکوو خواردنی میوەیەکی ئاوەکیی لێ هاتووە کە مەڵدی ئاخێوەر لیک و ئاو و هەندێک جار بە ڕوونیی شەهوەتیش بە دەمیدا دێتە خوارەوە و دەکەوێتە قەوچەقەچ و ملچەملچ و هەڵلوشین، بەتایبەتیی لە باسی بەهەشت و بە سێکسیکردنی خەسڵەتی بەهەشتدا.

لە دژایەتیکردنی ژناندا ژنان دەکرێن بە پارچەیەک گۆشتی سێکسیی. ئەو پارچە گۆشتە هەست و نەستی نییە، تووشی نەخۆشین نابێت و هیچ شوێنێکی نائێشێت، بیر لە منداڵ و برا و باوک و دایک و کەسوکار و دەراوسێ و نیشتیمانی ناکاتەوە، کێشەی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و ئابووریی نییە و خەمی هیچ ناخوات و سەری بە هیچەوە نائێشێنێت و تەنیا و تەنیا هەر بیر لە سێکس دەکاتەوە. هەر ئەوەندە چاوت لێ خافڵ کرد پیاوێک دەخەڵەتێنێت و دەیدا بە سەر خۆیدا. ئەمە ئەو وێنایەی ژنە کە لە زۆرینەی کەلەسەرەکانی ناو وەزارەتی ئەوقافەوە هەتا کۆلکە مجێورەکاندا تێگەیشتنێکی نەگۆڕە. ژن مرۆڤ نییە، بەڵکوو پەراسوویەکی هەڵخەڵەتێندراوە و مەرامی لە خشتەبردنی پیاوە.

هاوتەریب هێرش بۆ سەر ئەدەبیات و گۆرانی و موزیک دەکەن و لەم هێرشەدا بەتایبەتیی خەباتی ئازادیخوازیی بە ئامانج دەگرن. بۆ نموونە، هێرشێکی گەورەیان کردووەتە سەر سروودی "ئەی ڕەقیب" کە شیعری پایەبڵند و نەمر "دڵدار"ە، گوایا دڵدار کفری کردووە. بەم شێوەیە لوتبەرزییەکی بینراویان تۆمار کردووە و ڕەقەمێکیان بە خۆیان وەکوو پارێزەری دینی ئیسلام داوە.

تێکدانی شیعری "ئەی ڕەقیب" و هەوڵدان بۆ گێلکردن و گەوجکردن و گاڵتەکردن بە ئەقڵی موسڵمانی ئاسایی کورد لە کارە لەپێشینە و گەورەکانی ئەم ئیسلامە سیاسییەیە. ئەوەی ئەلفبێیەک لە شیعری کوردی تێ بگات (ناکرێت ئەمانە کە خۆیان بە زانا لە قەڵەم دەدەن، نەزانن!) دڵدار دەڵێت: ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زمان، نایشکێنی دانەری تۆپی زەمان. دڵدار

دەڵێت: دانەری تۆپی زەمان، کە خوایە، نایشکێنێ، نەک ناتوانێت بیشکێنێت و نەک بۆی ناشکێندرێ، بەڵکو "نایشکێنێ"، واتە دەست بە باڵ و بە پشتییەوە دەگرێت .

بە چەواشەبردنی خەڵکی موسڵمانی ناهۆشیاری کورد تەنها و تەنها بازرگانییەکی سیاسیی و دژایەتیکردنی خەباتە ئازادیخوازییەکەیەتی. لە ڕێگای ئەو دەستدرێژیی کردنەوەوە بۆ سەر دڵدار لە ڕاستییدا هێرش بۆ سەر شاعیرانی سەدەکانی ڕابردوو دەکرێت کە نزیکەی هەموویان شێخ و سەید و مەلا و فەقێ و قورئانخوێن بوون، بەڵام بازرگانی دینیی نەبوون. هەموو نیشتیمانپەروەر بوون و خزمەتیان بە زمانی کوردیی کردووە و بە ڕێزەوە لە ژنیان ڕووانیووە و داوایان لە لاوانی کوڕ و کچی کورد کردووە پشت لە عەشیرەتگەرایی و ناوچەچیەتیی و نەخوێندەواریی بکەن و ڕوو لە یەکێتیی و پێشکەوتن و ئازادیخوازیی بکەن.

لە درێژخایانی ئەم دواکەوتووییەدا دکتۆر مەلا پەیدا بوون کە هەندێکیان وەک پسپۆری دەروونیی و هەندێکی تر وەک پسپۆری هەموو زانستەکان و هەندێکی تر پسپۆری خواردنەوەی میزی حوشتر و گرتن و ڕاونانی جنۆکە و دۆعای سەیروسەمەنە و جۆرەکانی نوشتە. حیزبەکانیش بۆ ئەوەی لەم خورافات و هاشوهوشە دوانەکەون بە ناوی ڕاوێژکاری ئایینییەوە، مەلایان دامەزراندووە کە بە گشتیی بێ دەنگن، بەڵام هەندێک جار لە دژایەتیی جۆرێک لە دەربڕینی ئیسلامی سیاسییدا نووزەنووزێکی ئیسلامیی دەکەن.

لە نێوان ئەو دەسەڵاتە نەنووسراوەی خۆیان و ئەو دەسەڵاتە لاستیکییەی کە دەسەڵاتداران بۆیان فەراهەم کردوون، دەستوەردەداتە ناو هەموو شتێکی تاکەکەس و هەموو شتێکی کۆمەڵگە. لە پرسی ژن و بەهەشت و دۆزەخەوە تا دەگاتە چۆنیەتی قونشۆرین و گەڵوگون پاککردنەوە. هاوکات کۆمەڵێک شێوەی ڕووخسار و هەڵسوکەوت و مامەڵەیان هەیە کە دەیانەوێت بە سەر هەموو کۆمەڵگەیدا بسەپێنن، گوایا ئەوە شێوە ڕووخسار و هەڵسوکەوت و مامەڵەی پەیامنێری ئیسلامە، وەکوو شێوەی سمێڵ و ڕیش و جلوبەرگ و خواردنی خۆراک بە دەست، هتد. بۆ نموونە هەوڵ

دەدەن لە یەک ژن زیاتر بهێنن و هەندێکیان بۆیان دەلوێت بیگەیەن بە چوار. هاوکات جلوبەرگیان هەمیشە تازە کە بێگومان لەگەڵ پارەی مووچەی ڕەسمییاندا نایەتەوە و ئوتومبێلی گرانبەها تا دەگاتە گوللەنەبڕ، کە دیارە سوننەتی پەیامنێری موسڵمانان نەبووە.

ئەمانە پلەی زانای ئایینی یان زانای ئیسلامیی یان بە خۆیان بەخشیوە هەروەکوو ئەوەی ئیسلام زانستێک بێت. لەبەرئەوە بە وشەی مەلا ڕازی نیین و لایانوایە نازناوی مامۆستا لە خۆیان دەنێن هەر وەک ئەوەی موسڵمانبوون جۆرێک لە پیشە بێت .

بوون بە مەلا لەم دوو گرووپەی موسڵماندا باشترین کاسبی سەردەمە. مەلایەکی سەر بە گرووپی بازرگان یان ئیسلامی سیاسیی بێ ئەوەی یەک دینار بخاتە سەرمایەگوزاریی یان مەترسییەوە و تەنیا بە دووبارەکردنەوەی کۆمەڵێک حەدیس و ئایەت سامانێک پێکەوە دەنێت کە لە ئاستی باڵای چینی مامناوەندیی دایە. هەر لەوەوە کە دەتوانن لە ژنێک زیاتر بهێنن و تەنانەت بیگەیەنن بە چوار و ڕەنگە زیاتریش، هەتا ئوتومبێلی چەند دەفتەریی و مووچەی مانگانە و ئیمتیازی لابەلا، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا پەیداکردنی ڕێز و پلەوپایەیەکی کۆمەلایەتی کە خێزانێک ئەگەر دەرزەنێک شەهیدیشی هەبێت پێی ڕەوا نابینرێت. پارەپەرستیی و شەهوەتپەرستییەکە هێندە ئاشکرایە کە هیچ کەسێک ناتوانێت نکۆڵی لێ بکات و بە هەزاران نموونە هەن.

ئەم جۆرە مەلایانە وەکوو نوێنەری خوا لە سەر زەوی دێن و دەچن. وێنای خوا بە شێوەی جیاواز نیشان دەدەن و لە باسەکانیاندا دەیهێننە سەر زەوی و هەندێکیان هێندەش دەڕۆن کە باسی ئەوەش دەکەن کە خوا لە ڕۆژی قیامەت چۆن خۆی شەقشەقێن بە سەرپێچیکاران دەکات و تاد .

ئەگەر تا 30 ساڵێک لەمەوبەر مزگەوت ماڵێکی خوا بوو کە چەند ئیماندارێک تێیدا کۆدەبوونەوە و نوێژێکیان پێکەوە دەکرد و دەمەتەقێیەکی کۆمەڵایەتییان تێدا دەکرد، ئێستا بووە بە دامەزراوەیەکی ڕێکخراو بۆ بەهێزکردنی نوێنەرەکانی خوا لە سەر زەوی. لەوێدا پاداشت و سزاکان سەدان و بگرە هەزاران لقوپۆپیان لێ دەبێتەوە و شێوەی دەرخەیاڵیی دەگرنە خۆیان، هەر

لە باسی شێوەکانی ئازاردان و چوون و نەچوون بۆ دۆزەخ تا جوانی حۆری و غیلمانەکان، بۆ توانای بەردەوامی لە خەیاڵنەهاتووی سێکس کردن، لە ڕەپیوونی بەردەوامەوە بۆ کونکردنی حۆری بێئەژمار و چێژوەرگرتن لە دۆخی هەمیشە هاتنەوەدا. لەم مزگەوتانەوە هەرەشە لە ئیمانداران دەکرێت کە ئەوەی نوێژ نەکات تەنانەت ژنەکەیشی پێی حەڵاڵ نییە و لە خوتبەدا ئەم قسەیە بە گوێی ژنانیشدا دەدرێتەوە کە بە پیاوە نوێژنەکەرەکانیان حەڵاڵ نین.

ئەم هەزاران مزگەوتە لە لایەن وەزارەتێکەوە بەڕێوە دەبردرێت کە پێی دەگوترێت وەزارەتی ئەوقاف. وەقف لە زمانی عەرەبیدا سەبارەت بە ئایین بە مانای "بەخشین، بەخشین یان دان یان پێدانی ماڵیی" بە مەبەستی ئایینی یان چاکەکاریی گشتیی دێت و ئەلئەوقاف کۆی وشەکەیە کە ڕەنگە وشەیەکی گونجاو بە کوردی "بەخشینگا" بێت.

کولتووری وەقف بە فەرمیی لە عێراق دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عێراق لە 1921، کە بە پێی کولتوور و نەریتی باوی جێکەوتەی ئەوسا هەر لەلایەن خەڵک خۆیانەوە کۆبووەتەوە و بەش و دابەش کراوە. لە 1929 دا، بە پێی ماددەی 122 دەنووسرێت کە ئەوقافی ئیسلامیی دەکرێت بە فەرمانگایەکی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی، نەک وەزارەتێکی، حکومی و بە پێی یاسای دانراو و دیاریکراو بەرپرسی کاروبار و خەرجی خۆی دەبێت و لە ژێر دەسەڵاتی سەرۆکوەزیراندا دەبێت. لە 1976دا، ئەم فەرمانگایە دەگۆڕدرێت بە وەزارەتێک، تا لە 1993 هەندێک گۆڕانکاریی دەکرێت بەڵام گرینگترین خاڵ ئەوەیە کە هەر سەر بە دیوانی ئەوقاف دەبێت و لە ژێر چاودێری سەرۆککۆماردا دەبێت و بۆ کۆی موسڵمانان دەبێت نەک بۆ شیعە و سوننە.

پاش ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە 2003 دا نزیکەی هەموو شتێک لە عێراقدا گۆڕدرا و سەرئەنجامەکەی ئەم عێراق ـەی ئەمڕۆیە بە هەرێمی کوردستانەوە. پاش ڕژێمی بەعس وەزارەتی ئەوقاف هەڵوەشێندرایەوە و دوو دیوانی نوێ دروست کرا، دیوانێکی شیعە و دیوانێکی سوننە و یەکێکیش بۆ ناموسڵمانان و هەرێمی کوردستانیش خۆی وەزارەتێکی ئەوقافی هەیە. واتە

عێراقییەکان بوون بە خاوەنی چوار دیوانی ئەوقافی جیاواز و بە پێی دەستووری 2005 چەسپێندراوە. دەگوترێت کە وەقفی سوننی سامانی لە هەموو ئەوانی تر زیاترە کە دەگاتە نزیکەی 12 ملیار دۆلار. سەرچاوەی ئەو سامانە بێگومان دیار نییە و بەسەرهاتی سەیروسەمەرە سەبارەت بە مولکی زەویوزار و شێوەکانی دیکەی سامان دەگێڕدرێتەوە. هەروەها ناشزانین هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە یان نا، بەڵام وا پێدەچێت هەرێمی کوردستان سامانی خۆی هەبێت.

بۆ نموونە هەر یەک مولکداری ئەوقافی ئەبوحەنیفە دەگاتە بیستوسێ (23) هەزار دۆنم لە زەوی کشتوکاڵیی و کە سێیەکی زەویوزاری پاریزگای بەسرە لە ڕاستییدا ئەوقافی ئیسلامین و کاروبارەکان بانکی یان مەسرەفی ئیسلامی و زانکۆی ئەهلی و بنکەگەلی کاتبەسەربردن و بازرگانیی و پزیشکیی و تەندروستیی و تاد دەگرنەوە.

ئەم وەزارەتانەی ئەوقاف هەر وەکوو هەموو وەزارەتەکانی تر هیچ شەفافیەتێکی ماڵییان نییە، چ سەبارەت بە سەرچاوەی ڕاستەقینەی داهاتەکان و چ سەبارەت بە خەرجکردنەکان. وەزارەتی ئەوقاف لە هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەوەشدا کە بانگەشەی کەمکردنەوەی فەرمانبەر و خەرجییەکان دەکات وەزارەتێکی گەورەوگرانە کە لە وەزیری ئەوقافەوە بۆ جێگر و بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکان و مەلا و فەقێ و مجێور و شێوەکانی دیکەی فەرمانبەریی، بریتییە لە مەکینەیەکی زەبەلاحی بیروکراسیی مەسرفەگەر، وەکوو هەموو وەزارەتێکی تر لە سەر مولکی گشتیی دەژی. لە سی ساڵی ڕابردوودا بە خەزێنەی مولکی گشتیی ئیمانداراێکی موسڵمان بەخێودەکرێن کە تەنیا بەرهەمێکیان ئەوەیە موسڵمانیەتیی بکەن.

هەمووان دەزانن کە ئێمە لە باشوور لە دەیان و سەدان بواری جیاوازدا دواکەوتووین، ئەمەش ڕێگاکانی بەرەو بەڕێوەبردنی شەفاف و مۆدێرن و شارستانیی بە پێوەری دیموکراتیی، واتە بەڕێوەبردنێکی یەکسان و دادپەروەر، داخستووە. یەکێک لەوانە نەبوونی ئامارە لە نزیکەی هەموو بەش و یەکە و کەرتێکدا. بۆ نموونە، سەرچاوە و داهات و خەرجییەکانی وەزارەتی ئەوقاف و

ژمارەی فەرمانبەران و مووچەبگیری ئەو وەزارەتە هەر بە درشتی هەیە و بە وردیی نادیارە. هەروەها پرینسیپەکانی ئەو جۆرە دامەزراندنانە و مووچەبگیرییەکان، هتد. ڕوون و ئاشکراشە کە هەموو ئەم دامەزراندنانە، سەرەڕای لاف و گەزافی ڕەووشتیی ئایینی و ناوی خوا، لە ڕێگای وابەستەیی و وەفاداریی حیزبایەتیی و واسیتە و بەخشیش و پیاوەتیکردن و سەرفی نەزەری خزمایەتیی و شێوە ناشیرینەکانی تری پێوەندییەوەیە.

وەزارەتی ئەوقاف سالانە بە دەیان ملیۆن دۆلار لە سەر خەڵکی کوردستان دەکەوێت و ماکینەیەکی زەبەلاحی مەسرەفکارە کە هیچ بەرهەمێکی بەرجەستەی نییە. هەرچەندە لە ناو جۆری ڕێباز و مەلاکاندا ئەمەش هەر خۆی پرسێکی ناکۆکییە، بەلام ئیشی سەرەکیی وەزارەتی ئەوقاف ئەوەیە کە هیدایەتی خەڵکی باشوور بکات بچن بۆ بەهەشت.

لەم بونیادە ئالۆزەدا هیچ کارێکی تایبەتیی و بەرهەمێکی تایبەتیی بەرجەستەی ماددی (ئۆبجێکتیڤی) نییە، بۆ نموونە، وەکوو ڕۆڵی بەرمیلێکە لە دەرەوەی ژوورێکی نەشتەرگەرییدا، جیاوازیی لە نێوان دامەزراوەی دین و دامەزراوەی دیانەتکردن کە دوو شتی جیاوازن، بە ئەنقەست و بە مەبەستی بازرگانیی تێکەڵ کراوە. ئەم تیکەڵکردنەش لە ژێر دەنگ و زەنای دەهۆڵکوتان و زوورناژەنینی گەورەیی خوا و پێغەمبەر و قورئان و حەدیسەکان و تاد کە تاکەکەسی موسڵمانی ئاسایی دڵپاک گێژوویژ دەکات و نازانێت ڕاست و چەپی خۆی کامەیە. دامەزراوەی دین هەر دین خۆیەتی و ئەو کۆڵەکە و دیسپلینانەیە کە لە ڕێگای قورئانەوە خراوەتە بەردەست و هەر تاکە کەسێک دەتوانێت لە فەزای کەسیەتیی خۆیدا لێکی بداتەوە و پێڕەوی بکات. دامەزراوەی دیانەتکردن دروست ئەم دامودەزگایانەن کە ئێستا لە وڵاتانی ئیسلامییدا دروست کراون و بە نەبوونیان هیچ ڕوو نادات و کەس نابێت بە کافر و مولحید و خوا نەفرەت لە کەس ناکات.

ئەم بازرگـانییە هەروەهـا لەو ڕێگـایەوە دەکرێـت و بە هێـز دەکرێـت کە گوایـا زۆریـنەی کـورد موسـڵمانن لەگەڵ ئەوەشـدا کە هـیچ بەڵـگەیەک لە بەردەسـتدا نیـیە. ئەوی هەیە دوو پێـداگرتنە، هەمووان بە تەسکەرە/ناسنامە موسڵمانن و لە دایکوباوکێکی موسڵمانن.

بەو پێـیە، کاروبـاری دیـن بـۆ خـوایە و ئەو لە شـوێنی خـۆیەوە بڕیـار لە سـەر کاروبـاری "بەدینبـوون" دەدات کە بـۆ تاکەکەسـە و تـاکەکەس لێـی بەرپرسـیارە. لە بـازنەی ئەو بـاوەڕەدا، خـوا لە هەمـوو کەس باشـتر دەزانێـت کە هەر تاکەکەسـێکی ئەم جیهـانە جیـاوازە و هـیچ کەس نیـیە لە یەکێکـی تـر بچێـت، بە تایبەتیی لە بوارە باوەڕییەکاندا.

لەم دوو جـۆرەی موسـڵمانبووندا بە شـێوەی مەڕ و بـزن مـامەڵە لەگەڵ کـۆمەڵگەدا دەکرێـت و دینـی ئیسـلام دەکەن بە چاوپۆشـێکی گەورە و چـاوی خەڵکـی پـێ نابینـا دەکەن. بەهـای مرۆڤیـی وەکـوو درۆنەکـردن، کوشـتن و بـڕین، دزی نەکـردن، چـاوتێریی، چـاوحیزنەبوون، سەرڕاسـتیی، بوختـان هەڵنەبەسـتن، ئێرەیینەبـردن، بیـری بـاش، وتەی بـاش، کـرداری بـاش، ڕێزگـرتن لە بەرامـبەر، بە هەنـدوەرگرتنی هەسـتی بەرامـبەر، هەمـووی کـراون بە بەهـای ئیسـلامیی. لەگەڵ ئەوەدا کە ئەم بەهـا مرۆییـانە بە هەزار سـاڵ زیـاتر پـێش ئیسـلام هەبـوون و هەمـوو ئەو کۆمەڵگەیـانەی کە نـاوی ئیسلامیشـیان نەبیسـتووە و خـاوەنی جۆرەکـانی خـوای خۆیـان بەو بەهایـانەوە ژیـان و دەژیـن. زۆریـنەی ئەم بەهـا مرۆییـانە کە دەبـن بە خەسـڵەتی شارسـتانیی ئێسـتا پێچەوانەکەیـان لە دنیـای ئیسلامدا بوون بە نەریت و کولتووری باو.

لەو کۆمەڵگەیـانەدا کە سـێکولارن و ئـایین و دەوڵەت لە یەک جـودان، ئەو بەهایـانە ئەلفبێـی ژیـانن و بەشـێکی گرینـگ لە سیسـتەمی خوێنـدن و پەروەردەن. ئەو بەهایـانە لەگەڵ زۆر بەهـای تـردا کە ڕەنـگە لە جیهـانی ئیسـلامدا هەر نەشـبێت یـان هەر بە سـەر زارەکـی هەبێـت، هەم بەشـێکن لە ڕەوشـتی گشـتیی هەم ئەرکیشـن. بـۆ نمـوونە، ڕاوەسـتانی ئوتومبێـل بـۆ تاکەکسـی پیـادە هەم بەشـێکە لە

ڕەوشتی گشتیی هەم ئەرکیشە. لە دنیای ئیسلامدا بە دەگمەن شۆفێرێک دڵخوازانە بۆ مرۆڤێکی پیادەڕۆ ڕادەوەستێت.

پرسی زەکات و سەرفترە و چارەسەری هەژاریی و بێدەرەتانیی زۆر دەمێکە لە دنیای شارستانییدا لە ڕێگای سیستەمی دەوڵەتەوە بۆ فەراهەمکردنی بیمەی گشتیی و بژێویی کۆمەڵایەتیی بۆ هەمووان چارەسەر کراون. تاکەکەس، ژن بێت یان پیاو، هەمیشە لە بازنەیەکی بیمەدایە کە بتوانێت بژێویی ژیانی مستوەگر بکات، جا بیمەی بێکاریی، نەخۆشیی یان سۆشیالبگیریی بێت.

هەموو ئەمانە تەنانەت بۆ کەسانی پەنابەر و لە زۆر حاڵەتدا مرۆڤی تر کە مافی مۆڵەتی مانەوە و کاریشیان نەبێت فەراهەم دەکرێن بێ ئەوەی هەڵاواردنێک لەبەر ڕەنگی پێست، جێندەر و ئەتنیک و ئایین لە ئارادا بێت. ئەم مافانە کە لە سەر بنەمای پاراستن و ڕێزگرتن لە کەرامەت و شانازیی و سەربەرزیی مرۆڤ دەستەبەرن لە دنیای ئیسلامدا، بە هەموو جۆرەکانییەوە، بە خەونیش نیین و نابن.

مرۆڤ لە دنیای شارستانییدا ڕێز لە نیشتیمان و هاووڵاتییان و ژینگە و یاسا و ڕێساکانی وڵاتی خۆی دەگرێت، بە دەگمەنی هەڵنەکەوتوو کەسێکیان تیادا هەڵ دەکەوێت ببێت بە تابوری پێنجەمی وڵاتانی دیکە بە تایبەتیی ئەگەر نەیار و دوژمنیان بێت. ئەمە دەکرێت بێ ئەوەی کەس منەت بە سەر کەسێکی دیکەدا بکات و بیکات بە شاباشی خواپەرستیی و دینێک. خۆشەویستیی نیشتیمان و ڕێزگرتن لە جیاوازییەکانی هاووڵاتییان و پێڕەوکردنی یاسانەنووسراوەکان و کارکردن بۆ سەقامگیرتر کردن و زیاتر ئارامیی لە دنیای شارستانیدا ئەلفبێی ژیانن. لە دەرەوەی دنیای ئیسلامدا نیشتیمانپەروەریی هەم ڕەووشتە و هەم ئەرک و بە هیچ شێوەیەک ڕێگا نادرێت بخرێتە بازنەی دین و باوەڕەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا کە سیستەمی دیموکراسیی و سێکولاریزم کە ڕیشەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی پازدەم و بەتایبەتیش بەرهەمی خەبات و تێکۆشان دژی خۆسەپێنی و چەوساندنەوە و دەسەڵاتی

دین بوون. ئێستا تورکیا و ئێران لە کوردستان پەرە بە هەمان ڕێبازی ئایینی دژ بە خەباتی ئازادیخوازی خەڵکی کوردستان دەدەن و دەیانەوێت پرسی دیموکراسیی و سێکولاریزم بکەن بە باسی دژەدین و بە بێڕەووشتیی ئەوروپایی دەیچوێنن. بێگومان ئەم کاری شێواندن و تێکدانە بە پلان و بە شێوەیەکی سیستەماتیک دەکەن.

پێش هەر شتێک هەڵدەکوتنە سەر هەموو تاکەکسێکی ژن و پیاو کە باس لە یەکسانیی و ئازادیخوازیی و مۆدێرنیتە و یاساسەروەریی و سێکولاریزم و جیایی دین و دەوڵەت و دیموکراسیی دەکەن، بە ناشیرینترین شێوە لە هەوڵدان بۆ ناوزڕاندن و بۆ بوختان و درۆ و دەلەسە. بە ئاشکرا و بە نهێنیی، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، دوژمنایەتی دەکەن. لە هەر ڕوانگەیەکەوە لێی بڕوانرێت ئەمە تەنیا داخوازیی و داوای داگیرکارانە و هیچ پێوەندییەکی بە دین و باوەڕێکی ڕۆحانییەوە نییە. هاوکات کە خۆیان دەکەن بە نوێنەری خوا و بە نموونەی ڕەوشت و بە قوربانیی و لە هەمانکاتیشدا بە دادوەر و بە بڕیاردەر و خاوەن دەسەڵات و تەنانەت هەڕەشە لە دەسەڵات دەکەن و دەیخەنە دۆخی بەرگرییەوە، گوایا دەسەڵات سێکولارە بۆیە ڕێگا بەم جۆرە بەدکاریانە دەدات. ئەوانەی لە سیاسەت تێ دەگەن دەزانن کە ئەم ڕەشەکوردە مووچەبگیرە کە لە سەر مووڵکی گشتیی دەلەوەڕێت لە تورکیا و ئێران، کە گەندەڵترین و بێڕەوشترین و دارزاوەترین دەوڵەت و کۆمەڵگەی ئەمڕۆن، کۆک دەکرێن و هان دەدرێن.

## سەرئەنجام

شەڕە دین و کێشەی کام خوا گەورەتر و کام کتێب پیرۆزتر و کام دین باشترە تا سەدان ساڵی تر هەر بەردەوام دەبێت. ئەگەر باوەڕدارانی دینێک ڕێز لە دینی خۆیان بگرن ئەوا یەکەمین کار بیکەن ئەوەیە کە بە هیچ شێوەیەک بازرگانیی بەو دینەوە نەکەن و نەیکەن بە سەرچاوەی بژێویی و

خۆبەخێوکردن و خۆلەوەڕاندن و نەبن بە پۆلیسی دین و خۆیان نەکەن بە نوێنەری خوا و نەبن بە تابووری پێنجەمی داگیرکەران.

یەکەم هەنگاو بۆ ڕێگاگرتن لەم بازرگانییە ترسناکە جیاکردنەوەی دین و دەوڵەتە. دین دەبێت ببێت بە نەریتێکی ڕۆحانیی بۆ پێوەندیی تاکەکەس لەگەڵ ئەو خوایەدا کە لە تێگەیشتنی خۆیدا وێنای دەکات و دەوڵەتیش بە پشت بەستن بە زانست و زانین و بەڵگە و یاسا و ڕێسا لە خزمەتی کۆی هاووڵاتییاندا بێت، بێ هیچ جۆرە جیاکاریی و هەڵاواردنێکی ڕەگەزیی، ئەتنیکیی، جێندەریی، ئایینیی، جەستەیی، ڕەنگی پێست، هتد.

موسڵمانێکی کورد دەتوانێت لە جیاتی پێنج جار دەیان نوێژ بکات و هەر دوازدە مانگەکە بەڕۆژوو بێت و هەموو ساڵێک بچێت بۆ حەج و دوو هەفتە جارێک بچێت بۆ عەمرە و زەکات و سەرفترە بە چەپ و ڕاستدا بدات بە بێ ئەوەی کەس ڕێی لێ بگرێت. ئەو موسڵمانە دەتوانێت بە هەموو شێوەیەک خۆشەویستیی نێوان خۆی و خوا بەهێز بکات و موسڵمانبوونی خۆی بەیان بکات، بەڵام موسڵمانبوون نە بە منەت بێت، نە بۆ خۆدەرخستن و بۆ داپۆشینی عەیبوعار بێت، نە بۆ وەدەستهێنانی دەستکەوت و سەرمایەی کۆمەڵایەتیی و ڕەوشتیی بێت، نە بۆ پێگەی بەرزی کۆمەڵایەتی بێت .

ئەو جۆرە موسڵمانە بە دڵنیاییەوە دەبێت بە ڕووخسارێکی جیاواز ئەگەرچی لە ناو خەڵکی ئاساییدا بەئەژمارە بەڵام لە ئێستادا بێ دەنگ و بێ ڕووخسار و بێ نوێنەرن. کاتی ئەوە هاتووە ئەو جۆرە لە موسڵمانی ڕۆحانیی کە دین لە پارە و مووچە و دەستکەوتە جۆراوجۆرەکان پاک دەکەنەوە دژ بە موسڵمانی بازرگان و ئیسلامی سیاسیی بوەستنەوە. ئەوانەی موسڵمانی ڕاستەقینەن دەبێت لەم شەڕەدا سەرکاروان بن چونکە دینەکەیان خراوەتە مەزاتەوە و ڕۆژانە دەفرۆشرێت.